# گریانێکی بێ دەنگ بۆ هونەرمەند مەرزییە فەریقی. . . . بورهان موفتی

ئەم ڕەشەبایە لە کوێوە هێرشی هێناوەتە سەر دەڤەری ئێمە؟، بۆچی وا لە دار و دەوەن و گوڵی ئەم هەوارەی پێچاوە؟، ئەم هەورە بۆر و چڵکنە چییە وا بەری تریفەی مانگمان پێدەگرێ.
کرێوەیە و سەهۆڵبەندانە ئەم هەواڵە، بارانێکە لە خەم، خەمێکی ڕەنگ خۆڵەمێشییە ئەم هەواڵە، ژانی ژاکانێکی زووە ئەم هەواڵە.
ئەڕۆی ئۆغر؟. ئەی خانمە گەشبینەکە.
ئەی تۆ چاوەڕوان نەبوی لە سنە و مەریوان ئاهەنگ بگێڕی؟، ئەی خانمە شیرینەکە، ئەوە نییە نەی و دەف و شمشاڵەکان خەریکی ئاوازێکن بۆ دەنگە زیندووەکەت؟ ئەی کێ دەنگیان باوێتە سەر؟
ئەڕۆی ئۆغر؟.
ئەی هونەرمەندە ڕووخۆشەکە. . . . ئەی نە دەبوو گۆرانێکانت تەواو کردبا؟. ئەی پەیامی تۆ خزمەتی هونەری کوردی نەبوو؟ ئەڕۆی ئۆغر؟. ئەی خەمخۆری هونەری کوردی، ئەی خانمی خانمان، وا تۆ بێ خەم نوستووی، ئەی ئێمە چۆن ئەو کەلێنە لە هونەری کوردیماندا پڕ بکەینەوە، نەدەبوو وا پەلەت نەکردبا؟.
ئەڕۆی ئۆغر؟.
ئەی هونەرمەندە پێشمەرگە ڕێچکە شکێنەکە، هەر لە ماڵە شێواوەکەی تۆدا پرسە نییە، لای ئێمەش هەر وایە، لە ماڵی ئێمەش لە گەڵ ئەو هەواڵەیا مۆتەکەیەک خۆی کردووە بە ماڵماندا و سەری سنگی گرتووین و لێمان نابێتەوە.
من دوێنێ لە گەڵ هونەرمەند ناسردا پەیوەندییم کرد، دڵم نەدەهات سەرەخۆشی لێبکەم، هەر بڕوام نەدەکرد ئەو هەواڵە ڕاست بێت، دوای ئەوەی بۆم دەرکەوت، کە ئەو هەواڵە ڕاستییەکی تاڵە، بە نەبە دڵییەوە سەرەخۆشیم لێکرد. ئێ ئاخر کێ سەرەخۆشی لە خۆم بکات؟.
بنوو خانم بێ خەم بنوو، بنوو خانم بێدەنگ بنوو، بەڵام ئەوەتا سرودەکانت سەدایان لە گوێماندا دەزیرنگێتەوە.
با هەموو ساڵێک میدیای کوردی یادت بکاتەوە و ئێمەش لە گەڵ چرینی هەر گۆرانییەکتدا دڵمان پڕ بێت لە یادگاری و چاویشمان لە فرمێسک.

2005-9-19

تێبینی کوردستان نێت:
بە ڕێز بورهان موفتی، خاوەنی شەش پەپولەکەی نەمر هونەرمەند مەرزیەیە و خاوەنی سیاچەمانەکەی چۆپیە و لایلایەی لەیلا فەریقی و دەیەها شاکاری تر.